**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

پشت بە حوکمی هەردوو برگەی (1 و 5) لە ماددەی (56)ی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی، پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق لەدانیشتی ئاسایی ژمارە (19)ی رۆژی 2010/6/27 ئەم یاسایەی دەرچواند:

## یاسای ژمارە ( 8 )ی ساڵی 2010

## یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە ( 3 )ی ساڵی 2006 لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (3)ی ساڵی 2006 تا 2012/7/16 درێژ دەکرێتەوە.

**ماددەی دووەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لەرۆژی 2010/7/17ـەوە جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**محمد قادر عبدالله**

**( د. کەمال کەرکووکی )**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

لەبەرئەوەی ئەو هۆکارانەی کەوا دەکات جێبەجێ کردنی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر ماونەتەوە و واش پێویست دەکات ژیانی هاوولاّتیانی هەرێم و ماڵ و موڵك و ئاسایش و سەقامگیرییان بپارێزرێ، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

---

تێبینی: ئەم یاسایە بەبریاری ژمارە 8 ی ساڵی 2010 لەلایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا.